کۆستان محەمەد: سەرجەم تاکەکان مافی خۆشگوزەرانیان هەیە بە گوێدانە جیاوازییەکان

لە ڕۆژی جیهانی خاوەن پەداویستییە تایبەتەکاندا وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی رایدەگەیەنێت؛ ئەم ڕۆژە دەرفەتێکە سەرنج بخەینەسەر باشترکردنی ژیانی ئەو تاکانەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە دەشێت: سەرجەم تاکەکان مافی خۆشگوزەرانیان هەیە بە گوێدانە جیاوازییەکان.

کۆستان محەمەد، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی، لە راگەیەنراوێکیدا وەڵامی پیرەزبایی ئەم یادە لە خاوەنپەداویستییە تایبەت و کورتەباکان، دەڵێت: وەزارەتمان بە هەماهەنگی و پێکەوەیی لەگەڵ وەزارەتەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرپرسە لە بەدیهێنانی سەرجەم ئامانج و ماف و ئیمتیازاتی خاوەن پەداویستی یە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

هەروەک جەخت دەکاتەوە کە ڕۆژی جیهانی خاوەن پەداویستییە تایبەتەکان دەرفەتێکە تا سەرنجەکان لەسەر پێویستی بەرەو پێشبردنی یەکسانی و باشترکردنی ژیانی ئەو تاکانە بێت کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە.

وەزیری کار هەر جیاوازییەک ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت: هەموو تاکێک لە کەمەڵگای ئەمەدا مافی ئەوەی هەیە کە بە خۆشگوزەرانییەوە بژی و سەرجەم مافەکانی وەربگرێت و جێبەجێ دەکەینەوە کە دەرفەت و پشتیوانی بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان هەبێت لەژێر دروشمی "کەمئەندامان شایەنی ڕێزن نەک بەزەیی".

لەبارەی ئەو دەستکەوتانەی وەزارەتی کار بە خاوەنپێداویستییە تایبەتەکان بەدەستیهێناوە کوەستان محەمەد دەڵێت: پێسەندکردنی سندوقی چاودێری و شیاندنی خاوەن پێداویستییە تایبەت و کورتباڵاکان دەستکەوتێکی مەزنە بە ئەو چینە و ئامانج لەی کەکردنەوەی داهات و خەرجکردنەوەیەتی بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تا ئەو چینە بگەنە ئاستی بەرەوپێشچون و شیاندنەوەی کەمەڵایەتیی.

هاوکات ئەوەشی ئاشکرا کردوە کە بە ئەمساڵی خوێندن لەسەر داوا و پێشنیاری وەزارەتی کار دەرفەتی خوێندن و بەدەرکردنی وەرگیرانی پاڵەوراوانی دبلەمی باڵاو ماستەر و دکتۆرا لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی و پێدانی مەڵەتی خوێندن بە ژمارەیەکی بەرچاوی خوازریارانی خوێندنی باڵا بە ژمارەیەک خاوەن پێداویستی تایبەت دابینکراوە.

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا وەزیری کار داوا دەکات کە پەویستە هەمومان پێکەوە کاربکەین بە پێشکەشکردنی ئەو پشتگیری و ئاسانکارییانەی کە ئەم تاکانە پەویستیانە تا بتوانن پڕە بە تواناو داهێنانەکانیان بدەن، زەمینە سازیان بە برەخسێنین و خەیان بسەلمێنن.